www.kurdishwebit.net
Email: info@kurdishweb.net
گۆڤاری کوردیش ویٚب ئای تی
Kurdish web IT Magazine

ئامادەکاری بابەت

## هەوال عەلی

# ساڵ یادی لە دایک بوونی تۆڕی ئەنتەرنێتی جیهانی




گەڕان بەناو تۆڕێ ئەنتەرنێتدا، کە ئەمڕۆ لەبەردەستی هەمومان دایە،بە هەوڵ و کۆششی زانای فیزیای بەریتانی تیم بیرنیرز هاتەدی،ئەوکەسەی کە تۆڕی ئەنتەرنێتی جاڵجاڵۆکەیی جیهانی داهێنا بۆ ئاڵو گۆری زانیاری بە ئاسانی هەرچەندە ماوەکان دوور بن لە یەک و ئامێرەکانیش جیاواز بوون.



بەکارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێت لە ژیانی ڕۆژانەدا بووەتە کارێکی پێویست و بڵاو ،وهەموو جیهانی بچوک کردۆتەوە بۆ لادێیەکی بچووک،وە دەتوانیت هەموو پێداویستیەکانی رۆژانەت بەدەست بهێنیت بەماوەیەکی کورت .هەرچەندە سەرەتای ئینتەرنێت لە ساڵی شەستەکانەوە بوو، بەڵام لە نێو بەکارهێنەراندا لە گشت شوێنێک بڵاو نەبووبۆوە تا سیسیتمی " تۆڕی WWW. جاڵجاڵۆکەیی جیهانی" داهات.

لەگەڵ ئەوەی نزیکەی 30 ساڵ بەسەر داهێنانی ئەو تۆڕەداو هاتنەکایەی ئینتەرنێتدا تێپەڕیوە، کەچی زاراوی"ئینتەرنێت" هەر بەو تۆڕە ئەوترێت کە بەهۆیەوە بە ئاسانی بەکارهێنەر ئەگاتە ئەو زانیاریانەو ناردنیان بۆ خەڵکانی تر.بۆ ئەوەش ستاییش ئەگەڕێتەوە بۆ فیزیایی بەریتانی تیم بیرنیزلی کە بەرنامەی یەکخستنی سیستەمەکانی داهێنا کە تۆڕی ئەنتەرنێت پشتی پێ دەبەستێت.




چیرۆکی تێکەڵ بوونی زانیاری دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە "بنکەی توێژینەوەی فیزیایی گەردیلەی سیرن لە جنێف لە سویسرا ،لەو کاتەدا بیرنیرزلی لەوێ کاری ئەکرد. بیری دامەزراندنی تۆڕێکی جیهانی بەستەر بێت لەنێو ئامێرە جیاوازەکاندا بۆ ئاسانکاری لە گوێزانەوەی زانیاری بووە خولیای ،لەم کارەدا ڕۆبەرت کاییو ی بەلجیکی هاوکارو هاوڕێی بوو لە بەدیهێنانی ئەو خەونەدا.لەگەڵ ئەوەی لەوکاتەدا ئینتەرنێت هەبوو لە گشت بنکەی توێژینەوەکاندا بەهۆیەوە زانایان توانای گۆرینەوەی زانیاریان هەبوو ،بەڵام ئەوەی بیرنیرزلی خەونی بە گەیشتنیەوە ئەدیت یەکخستنی سیستمی ناردن ووەرگرتنی ئەوزانیاریانە بوو،وەک کاییو جەختی کردەوە وتی"ئەو کاتەتۆڕی ئینتەرنێت هەبوو بەڵام  کارێکی ئاڵۆز بوو پێویستی بە ئامێری تایبەتی وپاسۆرد هەبوو تا ئەو زانیاریانەی لەسەر ئەو ئامێرانەبوون دەستبخرێن" بیرنیرزلی ویستی ئەو تێکەڵ وپێکەڵیە لە بانکی زانیاری ڕێک بخاتەوە و بڵاوبونەوەی زانیاری لە هەموو شوێنێک ئەبێتە هۆی ئاسانکاری گۆڕینەوەی ئەنجامی ئەوتوژینەوە زانستیانە لە نێوان زانایانی جیهاندا.

ئەو فیزیاییە بەریتانیە وەک ژێرخان بۆ پرۆژەکەی تۆڕی ئینتەرنێتی هەڵبژارد ،بۆ گۆڕینەوەی زانیاری هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ یەکخستنی سیستمی جیهانی ،لە یادی ئەوڕۆژەدا ووتی:"لەکاتی خۆیدا هەوڵمدا نەوەیەکی نوێ لە ئامێری کۆمپیوتەر وسیستمی کارو زمانی پرۆگرام ببینمەوە.ئەبوایە هەوڵەکانمان یەکبخەین لە گەڵ ئەوتیمی کارانەی کە لەوانەبوون بەزمانی تر بدوێن و لە وولاتانی تربین.

## WWW بیرۆکەی وێب

"Hyperlink" بیرۆکەی بیرنیرزلی دەربارەی پێکەوە بەستنی زانیاری لە ڕێگەی چەمکە بەرزەکانەوە کە سیستەمی پێکەوە گرێدانی نیوان چەمکەکانە لە تۆڕی نێت،بەکارهێنەری ئینتەرنێت بەکرتەیەک ئەتوانێت بچێتە ناو چەمکە نوسراوەکان و وێنە و چەندانی تر. وە لە ساڵی1991دا بیرنیرزلی بەرنامەیەکی ئاشکرا WWW کە کورتکراوەکەی World Wide Web کرد کە ناویشی لێ نا تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی تیمی کار هەر لە سەرەتای پرۆژەکەوە ئەو ناوەیان هەڵبژارد،وەک کاییو جەختی لەسەر کردەوە چونکو ڕازی نەبوون بە کەمتر لە تۆڕێک کە هەموو جیهان بەیەکەوە ببەستێتەوە.



Vague but exciting ...

CERN DD/OC

Information Management: A Proposal

Tim Berners-Lee, CERN/DD

March 1989

## Information Management: A Proposal

### Abstract

This proposal concerns the management of general information about accelerators and experiments at CERN. It discusses the problems of loss of information about complex evolving systems and derives a solution based on a distributed hypertext sytstem.

Keywords: Hypertext, Computer conferencing, Document retrieval, Information management, Project control



بیرنیرزلی گرنگی بە قازانج نەدەدا،کە دەکرا پارەیەکی زۆری دەستبکەوێت بە فرۆشتنی بیرۆکەکەی،بەڵکو گرنگی دەدا بە پێشخستن و بڵاوبونەوەی بەرنامەکەی بە جیهاندا. بیرنیرزلی بە لەخۆبوردووییەوە دەڵێت"ئەکرا هەر کەسێکی تر ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنێت کە من کردومە"هەروەها ئەڵێت"وێب بە جیهاندابە خێرایی بڵاوبووەوە بە هۆی یارمەتی و قبوڵ کردنی بیرۆکەکە لەلایەن خەڵکانی تر".

بەفەزڵی ئەو سیستمە جیهانیە،بۆ هەموان زانیاریەکان بەئاسانی وەدەست دەکەون هەرچەندە دووری وجیاوازی

زۆرترین پیتن لە جیهاندا ئەنوسرێن .WWW سیتمی ئامێرەکان لە ئاراشدا بن.و نوسینی هەر سێ پیتی لەم چەند مانگەی ڕابردوواسیتمی جیهانی جەژنی پانزە ساڵەی گێرا بە لە دایک بوون وهاتنە کایەی کارکردن بە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی.

